# له تەلەڤزیۆندا سەیری ئینـ

لە جیهانی تەکنەلۆژیای سەردەمدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئامێرە دیجیتاڵییەکاندا نامێنێ، هەروەك دەبینین، ئامێری مۆبایل کامێرایە، یان کۆمپیوتەر وەك TVی سوودی لێوەردەگیرێت، یان کاتژمێرە و مۆبایلە....

ئەم فلاشەی کە لێرەدا وێنەکەی دەبینن ئەرکەکەی ئەوەیە کە تەلەڤزیۆنێکی ئاسایی وەك کۆمپیوتەر لێدەکات و دەتوانی بەهۆیەوە سەیری لاپەڕەکانی ئینتەرنێت بکەی و فەیسبووکەکەت بکەیەوە.. هەمووتان ئینتەرنێتی "ڕێبەر" یان هاوشێوەی ڕێبەرتان دیوە، ئەم فلاشەش




# یەکەمین ماوس بە تەکنەلۆژیای NFC

تەکنەلۆژیاکانی وایەرلەیس گەلێکن وەك بلوتوس، IR, WiFi, NFC.. کە هەرکام لەوانە شێوازی کارکردیان جیاوازە.. تەکنەلۆژی NFC نوێترین تەکنەلۆژی وایەرلەیسە، کە بۆ پەیوەندیی نێوان دوو ئامێر پێویست بە هیچ پرۆگرام یا هەوڵدانێك ناکات، تەنیا ئەوەندە بەسە کە دوو ئامێرەکە یەکجار لێکدی بخشێندرێن، ئیدی بۆ هەمیشە ئەو دوو ئامێرە یەکتر دەناسن..

ماوسی وایەرلەیس کە بەهۆی بلوتوسەوە یان بەهۆی وای فایەوە لەگەڵ کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێن زۆر لەمێژ نییە لە جیهانی تەکنەلۆژی سەردەمدا دەرکەوتوون، کۆمپانیای HP نوێترین ماوسی وایەرلەیسی بەرهەم هێناوە کە لە سیستەمی NFC سوود وەردەگرێت، ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە بەلای پسپۆران و بەکارهێنەرانی تەکنەلۆژیاوە، هێشتا ئەو سیستەمە بەشێوەی گشتگیر لە کۆمپیوتەر و مۆبایل و ئامێرەکانی دیکەدا جێی خۆی نەکردۆتەوە، کەچی ماوسی بەو سیستەمە هاتۆتە بەرهەم.. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر هێشتا لاپتۆپێك یا کۆمپیوتەرێکی سەرمێز نابیندرێت کە پشتیوانی لە سیتسەمی NFC بکات، کۆمپانیای بەرهەمێنی ماوسەکە بیری لەو ڕێگایەش کردۆتەوە جگە لەو سیستەمە سیستەمی بلوتوسیش لەو سیستەمەدا هەیە، کۆمپانیای ناوبراو بیری لە ئایندە کردۆتەوە و پێیوایە رۆژێك دا دێت ئەو سیستەمی ناوبراو جێگیر بێت.

# گۆڕانێک لە جیهانی میمۆری کارتدا

کارتی میمۆری ئەو تەنکۆڵانەن کە سایز و کێشی زۆر کەم بچووکیان هەیە و ڕێژەیەکی یەکجار زۆریش داتا لە خۆیاندا خەزن دەکەن، کارت میمۆری لە مۆبایل و کامێرای دیجیتالیدا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت و شوێنی هاردی کۆمپیوتەری گرتۆتەوە. وێنەگرانی پیشەیی یان ئەوانەی کاری فیلم هەڵگرتنەوە دەکەن گرفتێك کە هەیان بوو، ڕێژەی هەڵگرتنی داتا بوو لە کارت میمۆریدا، چونکە کارت میمۆری هەتا ئێستا تەنیا دەیتوانی 64 گیگابایت لە خۆیدا خەزن بکات، ڕەنگە ئەوەش بۆ وێنەگرێکی پیشەیی کەم بێت. لەم دواییەدا کۆمپانیای "لکسار" کارت میمۆرێکی بەرهەم هێناوە کە دەتوانێت هەتا 256 گیگابایت لەخۆیدا خەزن بکات، واتە زیاتر لە دووسەد هەزار وێنەی کوالیتی ئاست بەرز لەخۆیدا جێدەکاتەوە. میمۆری کارتەکە کە لە جۆری SDXC خێراییەکی زۆری هەیە لە گواستنەوە و وەرگرتندا، بەجۆرێك دەتوانێت 60 میگابایت لە چرکەیەکدا وەربگرێت، بەهۆی ئەوەی کە کارت میمۆرییەکەی ڕێژەیەکی زۆر داتا لەخۆیدا هەڵدەگرێت، پێویستی بە 80 خولەکە بۆ کۆپی کردنی تەواوی کارت میمۆرییەکە، کۆمپانیای بەرهەمهێنی کارت میمۆرییەکە ڕایدەگەیەنێت کە لەماوەیەکی نزیکدا میمۆری کارتی 2 ترابایتیش بەرهەم دێنێت، واتە 4 جاران زیاتر لەو ڕێژەیە!!






## ـــــتەرنێت بکە!

ئەرکەکــەی ئەوەیە کە ئینتەرنێت بۆ تەلەفزیۆن دەگوازێتەوە. ئامێری Roko لە شوێنی MHL ی کە زۆربەی تەلەفزیۆنەکان هەیانە دەخرێت، دوای ئەوە ئیدی لاپەڕەیەکی ئینتەرنێتی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکە دەردەکەوێت، کۆمپانیای Roko بە نیازە کەناڵێکی ئەنتەرنێتی VUDO بەو ئامێرەوە زیاد بکات کە بەهۆیەوە بەکارهێنەر دەتوانێت هەتا 600 کەناڵ لەســـەر شاشەکەی ببینێ.



## مۆتۆرلاش تەبلێتی بەرهەم هێنا

هەروەك دەزانن کۆمپانیای مۆتۆرلا، یەکێکە لە کۆمپانیا بەهێزەکانی بواری بەرهەمهێنانی مۆبایل و چەند ساڵێك لەمەوبەر وەك یەکێك لە کۆمپانیا گەورەکان رکابەریی گەورەترین کۆمپانیای بەرهەمهێنانی مۆبایلی دەکرد، بەڵام لە 2009 بەدواوە کۆمپانیای ناوبراو تووشـــی پاشەکشە بوو و لە رکابەرییەکەدا دواکەوت. کەچـــی ئەمجارەیان بە بەرهەمێکی نوێ لە جیهانی تەبلێتـــدا هاتۆتەوە مەیدان و تەبلێتی جۆری XOOMی بەرهەم هێناوە، ئەمەی خوارەوە بەشێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم تەبلێتە.
تەبلێتەکە لە سیســـتەمی 3G پشـــتیوانی دەکات، هاردەکەی 32 گیگابایتە، تەنیا دوو دوگمەی Back و Homeی هەیە کە لە پێشەوەیە. دوگمەی هەڵبوون و داخستنی لە پشتەوەی تەبلێتەکەیە. بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئامێرەکانی دیکە لە کێبلی micro HDMI, Micro USB ســـود وەردەگرێت. جگە لە هاردی خۆی دەکرێت هەتا 32 گیگابایت هاردی دەرەکی بۆ دابندرێت. باترییەکەی بە هیچ جۆرێك ناگۆڕدرێت و تەنیا شەحن دەکرێتەوە، دەکرێت هەتا 14 کاتژمێر بەردەوام بێ دابەزینی شەحن گوێ لە مۆسیقا بگرێت. شاشەکەی 10,1ئینجە، بەڵام لە نیشانداندا لە بەرامبەر تیشکی خۆر دا لاوازە و هیچ نابیندرێت، خاڵێکی نەرێنی دیکە ئەوەیە کە شـــوێنی پەنجە بە شاشـــەکەیەوە دەمێنێت و بەردەوام دەبێت خاوێن بکرێتەوە. کیبۆردی مەجازییەکەی کە بریتییە لە شاشە لەمسییەکەی بەهێزە و هیچ جیاوازییەك هەســـتی پێناکرێت لەگەڵ کیبۆردی ڕاستەقینەدا. دوو کامێرای هەیە، یەکی 5 میگاپیکسیلی کە لە پشتەوەیەتی و یەکی دوو میگاپیکسیلی کە لە پێشەوەیەتی..





## ئەنگوستیلەیەکی کامێرا بۆ نابینایان


تەکنەلـــۆژی دیجیتالی ئاورێکی گرنگی لە ژیانی نابینایان داوەتەوەو لە بواری خزمەتکردن بـــەوان رۆڵی گرنگی بینیوە،یەکێك لەو ئامرازە گرنگانەی کە بەم دواییە لەلایەن بنکەی بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێی زانکۆی ماسۆچۆســـت بەرهەم هاتووە، بریتییە لە ئامرازێکی شـــێوە ئەنگوستیلە کە بە Eyering ناســـراوە، بەهۆی ئەو ئەنگوستیلەوە نابیناکان دەتوانن بە ئاماژە کردن بە شـــتێك زانیاری پێویســـت لە بارەی شـــتەکەوە بزانن..
ئامێرەکـــە پێکهاتـــووە لە ئەڵقەیەکی ئەنگوســـتیلەیی، هاندێکی هۆشـــمەند و ســـپیکەرێکی بەهێز، بەکارهێنەران بە سوود وەرگرتن لەو ئەڵقەیە کە کامێرایەکی لەســـەر داندراوە، دەتوانن کاتێك ئاماژەیان بە شـــتێك کرد و دوگمەیەکی ســـەر ئامێرەکەیان داگـــرت، بەهۆی کامێراکەوە وێنەی شـــتەکە دەگیردرێت و بەهۆی پرۆگرامێکی لێکدانـــەوە کە لە ئامێرەکەدا هەیە بەشـــێوەی وایەرلەیس زانیاری سەبارەت بە شتەکە بۆ هاندی مۆبایلی خاوەنەکەی بەشێوەی دەنگ بەرێ دەکات، بۆ نموونە کاتێك نابینایەك دەچێتە ســـوپەر مارکێتێك، زانیاری ســـەبارەت بە شتەکانی ناو سوپەر مارکێتەکە وەك "چ شتێکە، رەنگی چۆنە، سایزی چۆنە..." بۆ خاوەنەکەی بەرێ دەکات.



## سایتێک بۆ چێکردنی ئیمێلی شاراوە و کاتی




ئیمێڵ وەك پۆست، یان وەك ماڵی راز و نهێنی بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ مرۆڤەکان سەیر دەکرێت، پاراستنی ئیمێل واتە هەوڵدان بۆ ئەوەی کە کەس کلیلی ماڵی ئیمێلەکەت نەزانێت کە بریتییە لە وشەی نهێنی واتە "پاسۆرد" گەلێك گرنگە. ئێمە زۆرجاران کە سەیری سایتێك دەکەین لە سایتەکەدا هاتووە بۆ ئەوەی کە لە خزمەتگوزاری ناو سایتەکە سوود وەربگری دەبێ بە بەشداربووی سایتەکە، ئەویش بە دانانی ناوی خۆت و ئیمێلی خۆت... لەناو سایتەکەیە.. بەڵام گەلێك جاران حەز ناکەین ئیمێلی خۆمان لەهەموو شوێنکدا بنووسین یان بیدەین بە هەموو سایت و کەسێك.. بۆ دروستکردنی ئیمێلێکی کاتی و شاراوە سەر لە سایتی tempalias بدە، سایتەکە ئیزن پێدەدات کە ئیمێلێکی کاتی دروست بکەیت. لەو سایتەدا بە دانانی ئیمێلی خۆتان و دیاریکردنی چەند رۆژێك کە تۆ مەبەستتە و هەروەها رێژەی ئەو ئیمێلانەی کە بۆت دێن، دەتوانی ئەدرەسێکی ئیمێل کە لە لایەن سایتەکەوە بۆت دێت بە ماوەی ژمارەی ئەو رۆژانەی کە نووسیوتە یان رێژەی ئەو ئێمێلانەی کە پێشتر نووسیوتە، ئیمێل وەربگریت، پاش ئەوە بە یەکجاری ئەدرەسی ئیمێلەکە دەسڕێتەوە.



## مۆبایلە هۆشمەندەکان و دەسکی گەمە

دەسکی گەمە کە لە ناو ئێمەدا بەو ناوە ناسراوە و لە راستیدا ناوەکەی خۆی "جویستیك"ە بەو دەسکە دەگوترێت کە تەنیا بەمەبەستی گەمەکردنی ئەلکترۆنی سوودی لێوەردەگیرێت، کەوایە ناوە کوردییەکەی پڕ بە پێستی خۆیەتی. پێشووتر دەسکی گەمە تەنیا تایبەت بوو بە ئەتاری و پلەی ستەیشن و کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی دیکەی تایبەت بە یاریکردنی ئەلکترۆنی، بەڵام لەم دواییەدا دەسکی گەمەی تایبەت بە مۆبایلیش هاتۆتە بەرهەم..

دەسکی گەمەی MOGA کە بۆ مۆبایلە ئەندرۆیەکان هاتۆتە بەرهەم لە رێگای بلوتوسەوە بە مۆبایلەکەوە پەیوەند دەدرێت و وەك "داك" یا چوارچێوەیەکیش مۆبایلەکەی لەسەر جێگیر دەکرێت، پرۆگرامێك لەگەڵ دەسکی گەمەکەدایە و کە بەهۆیەوە رێژەی ئەو یارییانەی کە بەهۆیەوە ئەنجام دەدرێن دەست نیشان دەکات.

## ئامێرێکی نوێ بۆ وەرگرتنی کەناڵەکانی TV

ماوەی یەك دوو ساڵ دەبێت ئامێرێکی تایبەت بە وەرگرتنی کەناڵە دیجیتالییەکان هاتۆتە بازاڕەکانی کوردستان و بە زۆریش هی وڵاتی چین و ئێرانە. لەم ماوەیەدا کۆمپانیای Asos کە کۆمپانیایەکە لە بواری بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالیدا مێژووی هەیە، ئامێرێکی بەناوی O!Play Media Pro Smart TV Set-Top Box بەرهەم هێناوە کە جگە لەوەی کە کەناڵە ناوخۆییەکان بە شێوەی دیجیتالی وەردەگرێت، وەك ئامێرێکی مۆڵتی میدیاش زیاتر لە 50 فۆرماتی دەنگی و رەنگی دەخوێنێتەوە و لەسەر تەلەڤزیۆن بەبێ گرفت نیشانیان دەدات. لەم ئامێرەدا بۆ ئاسانکاری زیاتر وەرگرێکی دیجیتالی وایەرلەیسیش دانراوە کە خێراییەکی زۆری هەیە لە وەرگرتندا. ئامێرەکە دوو شوێنی کێبڵی USB هەیە، شوێنێکی تایبەتی بە کێبڵی ئەنتەرنێت و هەروەها شوێنی کێبڵی mini HDMI هەیە. جگە لەوەش لە ماڵەوەدا دەکرێت بۆ چەندین تەلەڤزیۆن سوودی لێوەربگریت.





## هەر جارەو وەڵامی پرسیارێک

یەکێك لە خوێنەرانمان هەم پێشنیاری هەیە و هەم پرسیار. پێشنیاری ئەوە دەکات بۆ لە بری ئەوەی کە تەنیا وەڵامی پرسیارێك بدەنەوە، وەڵامی چەندین پرسیار نادەنەوە و چونکە رەنگە یەکێك هەبێت چەندین پرسیاری هەبێت و بە پرسیارێك ئەوەی مەبەستیەتی پێی نەگات.. پرسیارەکەشی ئەوەیە کە لەو کاتەدا کە ئەکاونتێکی تایبەت بە فەیسبووکم هەیە، هاوڕێ و برادەرێکی زۆرم لە ئەکاونتەدا هەیە، جار جار کە سەیری ڕێژەی هاوڕێیانم دەکەم دەبینم گۆڕانکاری بەسەریاندا هاتووە، هەندێك لە هاوڕێیانم منیان لە برادەرایەتی لابردووە، ئایا بەچی بزانم کە کام برادەر منی لە فەیسبووکەی خۆی دەرهێناوە.

خوێنەری بەڕێز، سوپاس بۆ پێشنیارەکەت، ئێمەش هەوڵ دەدەین بەپێی ئیمکان و توانا پێشنیارەکەت وەبەرچاو بگرین و لەبری وەڵامی پرسیارێك، وەڵامی چەندین پرسیار بدەینەوە.. سەبارەت بە پرسیارەکەشت تۆ دەتوانی زۆر بەئاسانی لە سایتی http://www.unfriendapp.com پرۆگرامێکی بچووك بەناوی unfriendapp دابەزێنی و ئەو پرۆگرامە لە تۆلباری پەیجەکەت واتە شریتی پەیجەکەت لە فەیسبووك زیاد دەبێت و ئەو شوێنەی کە ناوی ئەوانەی داوای هاوڕێیەتیت لێدەکەن و پەیامەت بۆ دێت ... لەودا هەر 15 ڕۆژ جارێك پرۆگرامەکە ئاگادارت دەکاتەوە کە چەند کەس تۆیان لە هاوڕێیەتی دەرهاویشتووە...

## پێڵاوێک لە خزمەت نابیناو بە ساڵاچووواندا

تەکنەلۆژیا هەموو کون و کەلەبەرێکی ژیانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە و خزمەتگوزارییەکان رۆژلەگەڵ رۆژ زیاتر دەبن، بەم دواییە پێڵاوێکی دیجیتالی بەرهەم هاتووە کە دەتوانێت رێنوێنی خاوەنەکەی بکات بۆ شوێنی مەبەست. پێڵاوەکە سیستەمی GPSی لەسەرە و دەکرێت شوێنە مەبەستەکان بەهۆی کۆمپیوتەرەوە لە هەستەوەریی پێڵاوەکەدا خەزن بکرێن. ئەگەر خاوەنی پێڵاوەکە منداڵێك یان بەساڵاچوویەك بێت و نەتوانن ماڵەوە پێ بزاننەوە، پێڵاوەکە بەهۆی ئەو گلۆپانەی کە لەسەر نوکی پێڵاوەکەن یارمەتی خاوەنەکەی دەدات، یان دەکرێت یەکێك لە ژوورەوە چاودێری خاوەن پێڵاوەکە بکات، بەڵام بۆ ئەوانەی نابینان، سپیکەرێکیان تێدایە کە ئەگەر بە هەڵە بڕوات ئاگاداری دەکاتەوە و بە دەنگ پێی دەڵێت کە هەڵەیە، یان ئاگاداری دەکاتەوە کە مەودای خاوەنەکەی لەگەڵ شوێنی مەبەست چەندە.





## پرینتەری گیرفانی LG

پرینتەر ئەو ئامێرەیە کە ئەرکی گواستنەوەی داتاکانی سەر کۆمپیوتەر بۆ سەر کاغەز ئەنجام دەدات، شێواز و کارکردن و قەبارەی پرینتەرەکان جۆراوجۆرن.. پرینتەری مۆبایلی LG کە لەم دواییەدا هاتۆتە بەرهەم، پرینتەرێکی بچووکە و لە گیرفاندا جێگای دەبێتەوە، مەبەست لە وشەی مۆبایل، هاندی مۆبایل نییە و بەڵکو وشەی "گەڕۆك"ە واتە ئەوەی هەڵگرتن و گواستنەوەی ئاسانە.. قەوارە و سایزی پرینتەرەکە بەقەد هاندێکی مۆبایلە، بە ئاسانی لە گیرفاندا جێگای دەبێتەوە. پرینتەرەکە ستایل و دیزانەکەی جیاوازە لەگەڵ پرینتەرەکانی دیکە هەتا شێوازی کارکردنیشی جیاوازە، چونکە لەو پرینتەرەدا پێویست بە هیچ جۆرە مەرەکەبێك ناکات، بەڵکو لە شێوەی گەرم داهێنان سوود وەردەگرێت و لەبری مەرەکەب لە کاغەزێکی تایبەت کەڵك وەردەگرێت کە بە کاغەزی جۆری زینك ناسراوە. کاغەزی زینك، بەم کاغەزە دەکرێت کە لەکاتی گەرمداهاتنی ئەو شوێنەی گەرم دەبێت ڕەش هەڵدەگەڕێت و ئەوەی مەبەستتە دەردەکەوێت.

